## بۆ: سەرەک کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی ... حەمەی مەلا

لە بەرواری 28 / 8 / 2005 دا لە دیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی ئەلعەرەبیە بۆ چەندین جار جەختت لە سەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی سەددامی دا، ئەوا تۆ وەک سەرەک کۆماری عێراق، واژۆی (ئیمزا) بڕیاری لە سێدارەدانەکەی ناکەیت، بەبیانووی ئەوەی کە وەک پارێزەرێک دژی بڕیاری لە سێدارەدانی مرۆڤیت لە هەرکوێیەک بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بڕیارەت سوکایەتییەکی زۆر گەورە و ڕوون و ئاشکرایە بۆ گشت شەهیدانی کوردستان و کەس و کاریان و بێڕێزیکردنە بە گەلی کورد، بە پێوانەی من و ئەوانەی لە ویژدانی گەلدا ئەژین، ئەم کارەت خۆی لە لەخۆیدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤە هەروەک پیشەکانی ڕابردووت کە لە ساڵی 1966 ەوە لەگەڵ جاش و سەربازەکانی سەددامدا دژی شۆڕشی کورد، کوردتان ئەکوشت، پاشان دوای دامەزراندنی (ی. ن. ک) کەوتنە شەڕفرۆشتن بە ئیسلامییە کوردەکان و سەدانتان لە هەردوولا دابەکوشت، بەوەشەوە نەوەستان شەڕی ناهەقتان بە شیووعیەکان فرۆشت و لە پشتئاشان قەتلوعامتان کردن و تەنانەت دیلەکانیشان کوشت، لە کاتێکدا کوشتنی دیل لە دێرزەمانەوە لە هەموو جیهاندا یاساغە، ئەی ئەوکاتەش خۆ تۆ هەر پارێزەر بوویت، ئەی بۆ هێشتت دیلەکان بکوژن؟ پاش هەموو ئەمانەش شەڕی نەگریسی نێوان (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) و (پ. ک. ک) ، هەموو ئەم شەڕانە، هەزاران کوردی تیا کوژراوە و دەرئەنجامیش بە زەرەرزیانی گەلی کورد تەواو بوون، لە کاتێکدا هەموو ئەم شەڕانە بەبڕیاری خودی جەلال تاڵەبانی خۆی بوون!! ئەی کاکی (ماو) یی و پارێزەر و سۆسیال دیموکرات، کوا پارێزگاریت لە مافی مرۆڤ؟ بڕوا ناکەم هیچ مرۆڤێکی کورد بڕوای بەو بڕیارە (مەبدەئی) ە ت هەبێت، چونکە یەکەم جار کە باسی ئیمزانەکردەکەت کرد، پاساوت بەوە هێنایەوە گوایە لە ساڵانی (20 ـ 30) ە کانەوە خێڵی تکریتی یارمەتی خێڵی تاڵەبانیەکانیان داوە و دۆستایەتیان هەر هەبووە، ئەمەش بەڵگەی ناوێت چونکە تەنانەت لە کاتی شەڕی نێوان کورد و سەددامیشدا تۆ پەیوەندیت لەگەڵ سەددامدا هەر هەبووە، (ماچ) ەکەی دووای ڕاپەڕین و فایلەکان و چەندینی تریش

وەک نامە تایبەتییەکەی سەددام کە چەند ڕۆژێک بەر لە کەوتنی، بۆی ناردبویت، هەروەها بانگهێشی خێزان ومناڵەکەی سەددامت کردبوو کە بێن بۆ کوردستان بەمیوانی، ببن بە میوانی شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانییە وونبووەکان، ببن بە میوانی 4500 گوندی خاپورکراو، وە هەر تۆ بووی داوات لە ئەمریکییەکان کردبوو کە ڕێگە بە ماڵباتی سەددام درا هاتن بۆ بەکرەجۆ لەوێ چاویان بە سەددام کەتبوو.

بەدووری نازانم خۆیشت لە بەغدا چوبیت بۆلای سەددام دڵیت دابێتەوە و ماچت کردبێتەوە!!

ئەم کاراکتەرانەت بەگشتی و ئیمزانەکردنت بۆ لەسێدارەدانی سەددام بەتایبەتی، زۆر زۆر کەوتووە و ئەکەوێت لە سەر خۆتیشت و (ی. ن. ک) یش، خۆت باش ئەزانیت تۆ تا کۆتایی ساڵ سەرەک کۆماریت و ئیتر لە کار دەکەویت، دادگایی سەددامیش ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر دەستپێئەکات و ڕەنگە ساڵێک بخایەنێت، ئەوکاتەش کە بڕیاری لە سێدارەدانی سەددام درا، ئیتر تۆ سەرەک کۆمار نابیت هیواخوازم بەم کۆتایی تەمەنەتەوە هێڵی سوور بەژێر هەڵەکانتا بهێنیت و ڕێگای ڕاستی بگریتە بەر.

حەمەی مەلا / بەرلین / سێپتێمبەری 2005